# منیش ئەڵێم ، بەڵام وا نا !

بەرزان هەستیار
ئەڵمانیا/کۆڵن

bhastiar@yahoo.de

هەڵبەتە جێی گومان نییە لە مێژووی دوورو نزیکی هەر میللەتێکدا کۆمەڵێ بۆنەی تایبەتیی هەن کە ساڵانە یادیان ئەکرێتەوەو کەم تا زۆریش لقەکانی ئەدەب و هونەر ڕۆڵی خۆیان لە بە زیندوو ڕاگرتنی ئەو یادانەدا ئەبینن ، ئەمە جگە لەوەی کە میللەتان کەسایەتییە شایستەکانی خۆشیان بەسەر ئەکەنەوەو ناهێڵن وەك تەم بڕەوێنەوەو وەك دووکەڵ بزر بن ،ئەمەش مافێکی ڕەوای هەموو میللەتێکەو کارێکە مایەی ئافەرین .

بێگومان ئێمەی کوردیش یەکێکین لەو میللەتانەو ڕەنگە لە زۆربەی زۆریشیان بۆنەو کارەساتی خۆش و ناخۆش و کەسایەتیی ناودارو شەهیدو نووسەری وامان هەبێ کە بە لە بیرکردنیان کۆمەڵێك نیشانەی پرسیار خۆیان قووت ئەکەنەوە ، کەواتە منیش وەك ئێوە لەگەڵ ئەوەدام ڕێز لەو بەها و کەسایەتییانە بگیرێت و ئاونگی وەفایان بەسەردا ببارێنرێت ، بەڵام چۆن ؟

دەبا ئیتر لێرەوە ڕوونتر بچینە باسەکەمانەوە.

من ئەم پێشەکییە کورتەم بۆ ئەوە نووسی تا لەوێوە بچمە بابەتەکەوەو سەرنجیشتان بۆ ڕۆژنامەو هۆیەکانی تری ڕاگەیاندنی کوردی ڕابکێشم لە یادکردنەوەی ئەو بۆنەو کەسایەتییانەدا ، کەکەم تا زۆر درێغییان تێدا نەکراوە ، بەڵام پرسیارەکە لێرەدا ئەوەیە چۆن و بە چ شێوەیەك ئەو یادانە بەڕێ کراون و تا چەند هەقی خۆیان دراوەتێ و لە شکۆیان کەم نەکراوەتەوە .

زۆربەی زۆرمان لە یادمانە کە لە زەمانی ڕژێمی بەعسدا هەر کاتێك بۆنەیەکی تایبەت ئەهاتە پێشەوە هۆیەکانی ڕاگەیاندن سیخناخ ئەبوون لە وتار و شیعرو چیرۆك ، بەڵام هەر بەخوێندنەوەیەکی سەر پێیی ئەوەت بۆ ئاشکرا ئەبوو کە ئەو نووسینانە تەنها بەو ئامانجە نووسراون کە لە پاداشتیاندا مشتێ دینار وەربگیرێت و ئەوەی حسابیشی بۆ نەئەکرا ڕادەی هونەریی بوو چونکە ئەو دەزگایانە تەنها حسابیان بۆ ئەوە ئەکرد کە نووسین لەو یادانەدا "بە تایبەتی مەبەستم بۆنەکانی ڕژێمە" نیشاندانی مل کەچییە بۆ دەسەڵات ،کە ئەوانیش مەبەستیی سەرەکییان ئەوە بوو ،جا ئیتر چۆن ئەنووسرا ئەوە کێشەیەك نەبوو ،گرنگ کۆمەڵە کەسانێك هەبن لەو بۆنانەدا بنووسن و بڵێن .

بەداخەوە ئەو دیاردەیە بە هەمان شێوە لە هۆیەکانی ڕاگەیاندنی ئەمڕۆی ئێمەشدا ڕەنگی داوەتەوەو هەر بۆنەیەك دێتە پێشەوە لاپەڕەی ڕۆژنامەکان بکەرەوە هەست بەوە ئەکەی زۆربەی هەرە زۆری ئەو شتانەی بەو بۆنەیەوە نووسراون ئاستی هونەرییان هێندە لاوازە کە شیاوی پۆستەی خوێنەرانیش نین ، بە ئاشکرا دیارە ئەوەی نووسراوە و تەنها بۆ ئەوەیە پانتاییەکی سپی پێ پڕ بکرێتەوەو هەندێ جاریش وەلایەك

پێشان بدات و چی دی نا، بۆ ئەم لێشاوی بڵاوکردنەوەیە بە پلەی یەکەم من پێم وایە ئەبێ پرسیار لە حیزبەکان بکرێت و یەخەی ئەوان بگیرێت کە لە بۆنە تایبەتییەکانی خۆیاندا و بۆ زیادبوونی ژمارەی ووتارو شیعر و...هتد ڕێ بۆ ئەو جۆرە نووسینانە خۆش ئەکەن و تەنانەت لە یادی شەهیدەکانیشدا بیرلەوە ناکەنەوە کە ئەو جۆرە نووسینانە نەك هەر ناگەنە دامێنی شەهیدەکانیش بەڵکو ئینسان بە خوێندنەوەیان بەزەیی بەو شەهیدەشدا دێتەوە کە بەو دێڕە ئیفلیجانە لای لێ کراوەتەوە ،زیانی ئەو جۆرە نووسینانەش وەنەبێ تەنها هەر لەوەدا بووەستێ کە بۆ چەند ساتێك زەوقی خوێنەر لە گرێژەنە ئەبەن ،نەخێر بەڵکو هەر لەوێوە وردە..وردە ئەو هەستەش لای خاوەنەکانیان دروست ئەکات کە مادام ئەوان بەو لێشاوە شیعرو نووسینیان بۆ بڵاو ئەکرێتەوە ئیتر ئەمە نایابترین پەساپۆرتی پەڕینەوەی پێ بەخشیون بۆ نێوەڕاستی جیهانە بەرینەکەی ئەدەب و هونەر ، پاشان هەر ئەمەش وایان لێ ئەکات کە هەست بکەن ئەبێ لە قەوارەی بچووکی خۆیان زۆر زیاتریان پێ ڕەوا ببینرێت و بۆ هەموو دیزەیەك ببنە ئەسکوێ و لە هەر باس و خواسێکی ئەدەبیی و هونەریی و سیاسییشدا ئەمان هەوێنی سەرەکیی بن ، بەم جۆرە کاتێ ئەبینین نێوەندەکە پڕ بووە لە نووسەری دەست و پێ سپی .با ئەوەشمان بیر نەچێت کە ماڵپەڕە کوردییەکانی ئینتەرنێتیش دەستیان کورت نییە لەم پاشاگەردانییەدا و گلەییەکە ڕووی ئەوانیش ئەگرێتەوە .

گەلی برادەرینە من ئەمەوێ لێرەوە بە دەنگی بەرز بڵێم تکایە با ئەو میراتە گەنیوەی بەعس دوور..دوور تووڕ دەین و بۆ بۆنەو یادەکانمان بە کورتیی و پوختیی بدوێین و ڕێ بۆ کەسانێکیش خۆش نەکەین لە ژێر ساباتی ئەو بۆنەو یادانەدا بەدەم خەیاڵی خاوی بە نووسەر بوونەوە مەیدانەکە تژی کەن لە ئەسپی لەڕو کەنەفتی شیعرو وتارە بێ لەزەتەکانیان ، با شکۆیەکی زیاتر بە بۆنەکانمان ببەخشین ، نەك وایان لێ بکەین لا لێ نەکردنەوەیان هەزاران جار لە یادکردنەوەیان باشتر بێت.